# ئەخلاق
# و
# پرسەکانی ئێمە..

(بەشی دووەم)

دارا مەحمود

## زانست و ئەخلاق:

ساڵی 1729 کاتێک رۆسۆی 17 ساڵان بەشەقامێکدا دەڕۆیشت چاوی بە ڕیکلامێک کەوت کە بۆ نووسینی بابەتێک خەڵاتێک دیاریکراوە. ناونیشانی بابەتەکەش ئەمەبوو کە ئایا پێشکەوتنەکانی زانست و هونەر یارمەتی پاکڕاگرتنی دەروونی مرۆڤ دەدەن. یان دەبێتە هۆی دارمانی ئەخلاقی..؟ رۆسۆ بابەتەکەی نووسی و خەڵاتەکەشی بردەوە. رۆسۆ ئەوکاتە تازە بیروباوەڕی خەریکی فۆرمگرتن بوو. بەڵام لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە (مرۆڤ بە پاکی لەدایک دەبێت و کۆمەڵگا ئەو ناپاک دەکات). کەواتە بۆ ئەوەش کە مرۆڤ درێژە بەپاکی خۆی بدا یانیش ئەو پاکییەی سەرەتای خۆی بەدەست بخاتەوە سەرەتا دەبێ کۆمەڵگا بنەماو پرێنسیپەکانی خۆی بەرەو باشتر بگۆڕیت. و لەدیدیکی ئەخلاقیانەوە دایانمەزرێنێتەوە.
لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ ئەو پرسیارەی رۆسۆ خەڵاتی لەسەر بردەوە هەروا بەگوڕ ڕووبەڕومان دەبێتەوەو وەڵامی گردەبڕ نەدراوەتەوە. چونکە لەسەریکەوە ئەو گریمانەیە هەیە کە پێشکەوتنە زانستییەکان دەبێ ئاستی هۆشیاری خەڵکیش بەرەو سەر ببەن و ژیان ئاسانتر بێت و سەرچاوەی کێشەو ململانێکان کەمتر ببنەوەو میکانیزمەکانی دانانی خەڵک لەسەر ڕێچکەیەکی ئەخلاقی پتر دێنە کایەوە. کەچی لەسەرێکی ترەوە ئەوەتا دەبینین مەودای درزی نێوان هەژارو دەوڵەمەند گەورەتردەبێت و لەشکری هەژاران و برسیان تەنانەت لەبرسان مردووان هەروا لەزۆربووندایە. و یان لانیکەم لەکەمبووندا نییە. یان دەبینین تا لەجێگایەک جەنگێک دادەمرکێتەوە لەچەندان شوێنی تر کڵپەدەستێنێتەوەو ئاستەکانی تاوان و باندەکانی مافیاو جەزرەبەدانی مرۆڤ. و تەنانەت کرین و فرۆشتن و بەکۆیلەکردنی مرۆڤ، بەچەندان شێوازی نەریتی و مۆدێرن بەڕێوەدەچێت. و پارەوسامان لەبەرانبەر مرۆڤدا تادێ بایەخی زۆرتر پەیدا دەکات. و بەگشتی ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین کە ئایامرۆڤی هاوچەرخ لە مرۆڤی ڕابردوو بەختەوەرترە؟ تا بەزەحمەت بەهانەیەک دەبینینەوە کە بڵێین بەڵی، چەندانی تر بەئاسانی بەدەستدەخەین تا بڵێین نەخێر.. دەگوترێ کە مرۆڤی ڕابردوو، هەروا مرۆڤی کۆمەڵگا نەریتییەکان پتر لە مۆدێرنەکان و دێهاتی پتر لە شاری پابەندی ئەخلاق، ڕاستگۆیی. دەستپاکی، فیداکاریی... و هیترن و تا بواری ئازادییەکانی تاک پتر دەبن و توانا ماددییەکان پتر دەکەونە بەردەستی مرۆڤ.. ئەخلاقیش پتر بەرەو هەڵدێر دادەڕمێتە خوار..! بەڵام لەلایەکی تریشەوە ئەوەتا ئێمەو ڕۆژهەڵاتیانی تر کە بەشێکی ژیانمان لە ناو کۆمەڵگاکانی خۆماندا بەسەربردووەو بەشێکی تریش لە ڕۆژئاواو لەناودڵی مۆدێرنیتەو سەنعەت و زانستدا، بەچاوی خۆمان جیاوازییەکان دەبینین و ئەگەر هەروا پشت بەقسەی کتێبان ببەستین و ئاستەکانی ڕێزگرتنی مرۆڤ و یاساکان و ڕۆڵ و کاریگەریی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوە مرۆڤدۆست و تەنانەت کاریگەرییە ئەخلاقییەکانی مەزهەب نەبینین و کۆمەڵگای ڕۆژئاوا بە بێ ئەخلاق ناو ببەین ڕێگایەکی هەڵە دەگرینەبەر.
ئەگەر کۆمەڵگایەکی زانستی نەتوانێ خۆی بخاتە سەر ڕێگای ئەخلاق بۆچی هۆکاری ئەمە بەئەستۆی زانستدا

بدەین..؟
مارکس دەڵێت: (هیچ ڕێگایەکی پان و بەرین لەزانستدا نییە. و تەنیا ئەو کەسانەی هەنگاو لەسەر کوێرە ڕێگای زانست هەڵدەهێننەوە شانسی گەیشتنییان بەبڵندییە نورانییەکانی هەیە)17
تەنانەت ڕەخنەی کارل مارکس لە سەرمایەداریی لەدیدێکی ئەخلاقییەوە نییەو لەپتر لە جێگایەکدا ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئەگەر سەرمایەداری مەحکوم بەلەناوچوونە لەبەر ناعەدالەتی نییە. و دەڵێت کە: ڕەخنەی ئێمە لەسەرمایەداری ناتوانێ ئەخلاقی بێت. مەحکومییەتی سەرمایەداری لەناکۆکی قوڵی بنەمای خۆیەوە هەڵدەقوڵێت.18
بەڵام لەهەمان کاتیشدا نابێ خۆ لەو ڕاستییە ببوێرین کە کۆمەڵگای ڕۆژئاوا کۆمەڵگایەکی تاکخوازەو لەسۆنگەی تاکەوە ڕەفتاردەکات و ئەمەش کرۆکی ئایدیۆلۆژیای لیبرالیزمە. کە ناتوانێ مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی پێکەوەبەستراوی مرۆڤایەتی ببینێت و ئەمەش ئامانجی ڕەخنەی پتر لەقووتابخانەو ڕێبازێکی فەلسەفیی و بەتایبەتی مارکسیزمە. چونکە مارکسیزم گەوهەری تاک لەتاکی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوەو دەڵێت: (گەوهەری تاک شتێکی تەجریدی نییە کەلەهەر تاکێکدا حەشاردرابێت. بەڵکو لەواقیعدا خودی گەوهەری مرۆڤ بریتتیە لەکۆمەڵێک پەیوەندی کۆمەڵایەتی)19
تەنانەت نیچەش دەڵێت: (بایەخی تاک کاتێک بەتەنها هەڵسەنگێنرێ، کەمترە لەبایەخ و گرنگی هەموو تاکەکان پێکەوە. ئەوە بەو مەرجەی ئەوتاکانە کۆمەڵگایەک، بەیەک هەست و ویژدانی هابەشەوە پێک بهێنن)20
بەڵام لەواقیعداو بەکردەوە هەمووان بەخودی لیبرالیزمیشەوە هەمیشە تاک قوربانی کۆمەڵگاو کەمینەش قوربانی زۆرینە دەکەن نەک بەپێچەوانەوە. ئەمەش بەواتای بایەخدانەنان بۆ تاک نییە بەلکوو بنەمایەکی ئەخلاقییەو ژیان بەوجۆرە بەڕێوەدەچێت و بەشێوازە سروشتییەکەی بەردەوام دەبێت. لەمەش بەولاوەتر فەیلەسوفانی ئەخلاقگەرا زێدەتردەڕۆن و لەئاکامدا ئامانج خودی مرۆڤایەتییەو تەواوی ئەوانەی دەکەونە خوار ئەمەوە پلەبەپلە هەڵگری بایەخی کەمترن، و ئەگەر لەپێناوی سوودگەیاندن بەمرۆڤایەتی، نەتەوەیەک و دووان زەرەرمەند بن لەڕووی ئەخلاقیەوە پەسەندە.
ئەوەتا مۆنتسکیو دەڵێت: ( ئەگەر بزانم کارێک بەسوودی وڵاتەکەم، بەڵام بەزیانی ئەوروپایە. یان بەسوودی ئەوروپاو بەزیانی مرۆڤایەتییە، بەدڵنیاییەوە ئەوکارە بەیەک تاوان دەزانم)21
تەنانەت پەیامبەری لیبرالیزم، ژان ستیوارت مێل، لایەنگری ئەوەیە کەهەرکارێک بەختەوەریی نەک تەنیا بۆتاک بەڵکو بۆ مرۆڤایەتی بهێنێتە کایەوە کارێکی باش و ئەخلاقییە.22
بەڵام ئەمانە هەموو بەدیوەکەی تردا، تاکخوازی کۆمەڵگای زانستی ڕەتناکەنەوەو نکوڵی لەخۆپەرستی تاکەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایانەو پابەندبوونی لەڕادەبەدەریان بە ژیانی مادییەوەو بەئاسانی وەلانانی کۆمەڵێک بایەخ و باوەڕهێنان بەدروشمی: (بەرلەهەرشت بۆخۆم) ناکرێ. بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەو ڕێگاو شوێنە ئەخلاقیانەش ڕۆژانەو لەوردترین لایەنی ژیانیانەوە بگرە تادەگاتە گەورەترینیان بەدیدەکرێن کە یاساو سیستەمی (سیاسی- کۆمەڵایەتی- ئابووری) بەدیهێناون و پێشێلکردن و چاوپۆشی لێیان بە بایەخی لەدەستدانی گەلێک شتی تر تەواو دەبێت.
بۆ ئەوەش لەمڕووەوە پتر بتوانین درێژە بە باسەکە بدەین و بزانین دەربارەی چی دەدوێین پێویستە جیاوازی لە نێوان دوو شێوازو جۆری ئەخلاق لە ڕۆژئاوا دابنێین. ئەویش ئەخلاقی بایەخی و ئەخلاقی مێتۆدییە.
مەبەست لە ئەخلاقی بایەخی ئەو شێوازی ئەخلاقەیە کە مرۆڤ بەبێ لەبەرچاوگرتن، یان لەبەرخاتری شتێک، وەک بنەمایەک باوەڕی پێیەتی و بەکردەوەش لە ژیاندا ڕەنگی پێدەداتەوە. بەڵام ئەخلاقی مێتۆدی مەبەست لەو شێوازە ڕەفتارو کردارانەی مرۆڤە کە نەک لەباوەڕی خۆیەوە بەڵکو وەک ملکەچکردنێک بۆ یاساو ڕێساو ئوسوڵە کۆمەڵایەتی و مەزهەبی و سیاسەکانە.

لەمەوە دەتوانین بە ئاسانی پەی بەوە ببەین کە کۆمەڵگای زانستی ڕۆژئاوا کۆمەڵگایەکی ئەخلاقییە بەڵام بەشێوازی مێتۆدی. چونکە لەکاتێکدا کە ڕاوەستانی ئۆتۆمبیل و پاسکیل و پیادە لە گڵۆپی سوور بەهەبوون و نەبوونی پۆلیس، پێشەبڕی نەکردن لەکاتی ڕاوەستان لە ڕیز بۆ نۆرەی کڕین یان هەرشتێکی تر، تووڕەنەبوون و لەسەرخۆ ڕەفتارکردن لەکاتی کێشەو گرفتە بچوک و گەورەکاندا، پاکڕاگرتنی خاوێنی... و چەندان نموونەی تر ئەو ئەخلاقە مێتۆدیانەن کە لەئەنجامی باوەڕهێنان پێیانەوە بەدی نەهاتوون بەڵکو لەو ئەنجامەوە کە هەمووان دەزانن ڕێزگرتن و ڕەچاوکردنی ئەو بایەخانە لە ئاکامداچ ڕاستەوخۆ یان ناڕاساتەوخۆ. دەمودەست یان لەسەر ئاستی درێژخایەن بە بەدەستهێنانی سوودی مادی دەشکێتەوەو پێچەوانەکەشی زیان. بەمجۆرە لە زانستەوە فێری ئەخلاق دەبین و هەرگیز پێچەوانەکەی واتا پەیوەندی پۆزەتیڤانەی ئەخلاق وجەهالەت لۆژیکییانە نییە. لەگەڵ ئەوەشدا بوونی بنەماگەلی ئەخلاقی زۆر لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا دەبینینەوە. بەڵام لەسەرێکەوە نائەخلاقییەکان بەشێوەیەکی شاراوەو بەدزی بەڕێوەدەچن، و ڕەفتارە ئەخلاقییەکان تەنیا لەڕواڵەتدا خۆدەنوێنن، و لەسەرێکی تریشەوە دەکرێ کاتی و کەف و کوڵێک بێت کە لە ئەنجامی گۆڕانکاری یان شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی یان مەزهەبییەوە بەدەست بێت و بەدامرکانەوەی ئەو کەف و کوڵە بنەمالەرزۆکەکانی ئەخلاقیش تێک بڕمێن.

## تاک و کۆمەڵ:

تاک هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. لەناخی کۆمەڵگاوە هەڵدەقوڵێت و بەردەوام پەیوەستەی ئەوە. لێیەوە فێردەبێت و خۆی لەگەڵ بنەماکانیدا دەسازێنێ. لەبەر ئەوە ناکرێ لەهەڵسەنگاندنی تاکدا، بەدوور لەکۆمەڵگاو بەجویکردنەوە لێ وەها کارێک ئەنجام بدرێت.

نیچە دەڵێت: {جاران دەیانگوت: (ئەوانە لەمیوەکانیانەوە دەناسرێنەوە)، من دەربارەی هەر ئەخلاقێک دەڵێم: (ئەو بۆخۆی ئەو میوەیەیە کەبەو زەویەی لێیەوە پەیدا بووە دەناسرێتەوە)}23

ڕاهێنانی تاک لەسەر بایەخە ئەخلاقییەکان و والێکردنی ئەوەی ببێتە مرۆڤێکی بەویژدان، بەئامۆژگاری (ئەمەبکە، و ئەوە مەکە) نابێت. بەڵکو بەدروستکردنی واقیعێک کە لەوێدا لەدایک ببێ. فێربێت و تێبگات و ڕەفتار بکات. ئەم واقیعەش هەر لەکۆمەڵگاوە پەیدا دەبێت. لەمەوە بەو ڕاستییە دەگەین کە ئەخلاق بۆخۆی دەرئەنجامە نەک هۆکار.

(ڕەزیلەت و فەزیلەت، عیللەت نین. بەڵکو مەعلولن. کەسێک کەڕەفتاری ناشایست پەیڕەو دەکات لەبەر ئەوە نییە کە بێ ئەخلاقە. بەڵکو بێ ئەخلاقە لەبەر کۆمەڵێک هۆکار. مرۆڤێکی شایستەش لەبەر ئەوە شایستەیە چونکە خاوەنی سەرمایەیەک لە غەرایزی باشە. و لەهەلومەرجی گونجاودا لەدایک بووبێ.)24

بەڵام ئەی ئەو هەلومەرجە باشە لەکوێوە پەیدا دەبێت تا مرۆڤ تیایدا لەدایک بێت..؟ یان چی والەکۆمەڵگا دەکات ببێتە کێڵگەیەکی بەپیت کەتۆوی چاکەی تێدا شین بێت..؟ بۆ بەدەستخستنی وەڵامەکە سەرەتا دەبێ ئەمە بزانین کە ئاستی گەشەسەندنی تاک و کۆمەڵگا وەک یەک نییەو جیاوازە. گەرچی پەیوەندی نێوانیان شێوازێکی بازنەیی هەیەو هەردوولا کار لەیەکتر دەکەین. بەڵام گۆڕان و گەشەسەندنی کۆمەڵگا لەگەڵ هی تاکدا لەزۆر ڕووەوە جیاوازی هەیە. تەمەنی کۆمەڵگا بەتەمەنی تاکەکانی یەک سەردەمی دیرۆکی دیاری ناکرێت. و دەکرێ تەمەنی کۆمەڵگایەک بەهەزاران و دەیان هەزار ساڵ و پتر یان کەمتر بێت. بەڵام تەمەنی تاک بەگشتی لەباشترین حاڵەتی خۆیدا لەسەدەیەک تێپەڕناکات. کۆمەڵگا ئەزموونی دیرۆک لەخۆیدا حەشاردەدات. بەڵام تاک بەحوکمی کورتی تەمەنی تەنیا لەکۆمەڵگاوە ئەو ئەزموونەی پێدەگات. تاک خاوەنی هەر ئەندازەیەک بێت

لەدروستی و کاملبوون هەر تاکەو ژمارەی (یەک) لەخۆی دەگرێت. بەڵام کۆمەڵگا گشتەو ژمارەی تەواوی تاکە زیندوو، و مردووەکان لەخۆی دەگرێت. تاک دەتوانێ کاریگەر بێت، و لەتوانای یەک تاکدا هەیە ڕەوشی دیرۆک بگۆڕێت. بەڵام نەک هەموو تاکێک. بەڵکو دیسان دەگەڕێینەوە بۆ مەرجی یەکەم، واتا ئەو تاکەی لەهەلومەرجێکی گونجاودا لەدایک و پەروەردە بووبێت. و بەواتایەکی تر ئاستی کارتێکردن لەکۆمەڵگاوە دەبێت بۆسەر منداڵێک کە هێشتا بچوک و بێ تواناو دەسەڵات و کاریگەرییە، و ئەوە کۆمەڵگایە والەو تاکەدەکات خاوەنی ئەو خەسڵەتانەبێت کەهەیەتی. کەواتە چارەسەریی کۆتایی لەوەڵامی ئەوپرسەدا حەشاردراوە کەدەڵێت: چۆن کۆمەڵگایەکی ئاوا بەرهەم دێت..؟ و لێرەدایە کەشێوازی بازنەیی پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگا بەدیاردەکەوێت و دەڵێین ئەم ئەرکە هەردەکەوێتەوە ئەستۆی تاکەکانی. ئەو تاکانەی کەبەهی سەردەمێک و دووان تەواو نابێت و پرۆسەیەکی هەمیشەیی و ئەرکێکی ئەبەدی ئەوتاکانەیە. لێرەدا پێویست بە ئاراستەکردنی پرسێکی گرنگی تریش دێتە ئاراوە ئەویش ئەمەیە کە، ئەو کۆمەڵگایە کامەیە، خەسڵەتەکانی کامانەن، ئایا ئەو کۆمەڵگایە لەئارادایە..؟

ئەگەر ئێمە بۆ کۆمەڵگایەک بگەڕێین کەلەلوتکەی تۆکمەییدا بێت وتەواوی خواستەکانی مرۆڤی تێدا بەدیهاتبێت. دەڵێین: نەخێر! کۆمەڵگایەکی وا لەئارادا نییەو هیچکاتیش نەبووە. بەڵام ئەگەر بپرسین لەناو تەواوی کۆمەڵگاکاندا کێهە لەهەمووان ئایدیالترو بۆ پەروەردەی تاک گونجاوترە.؟ دەڵێین: کۆمەڵگایەکی دیموکراسی.

کۆمەڵگای دیموکراسی لەبەراورد لەگەڵ تەواوی کۆمەڵگاکانی تردا، لەهەمووان مرۆڤانەتر، و ئەخلاقیانەترە. دیموکراسی سیستەمێکە بەحوکمی سروشتی خۆی هەلومەرجێک دەهێنێتە کایەوە کەلەوێدا گەمە سیاسییەکان پەیڕەوبکرێن. مەرجی بەشداریکردن لەوگەمەیەدا پەسەندکردنی پێشوەختی بنەماو ڕێگاوشوێنی گەمەیەو هەرلایەک ئەو مەرجە پشتگوێ بخات لەگۆڕەپانی گەمە دەکرێتە دەرەوە. لوتکەی بەڕێوەچوونی ئەوگەمەیەش لەپرۆسەکانی هەڵبژاردندا بەدیاردەکەوێت. کە هەر لایەنە لەپێناوی بەدەستخستنی هەرچی زۆری لایەنگیری و دەنگ، لەئاکامیشدا سەرکەوتن، ناچارە تائەو جێیەی واقیع و تواناکان بوار دەڕیخسێنن، ئەخلاقیانە ڕەفتاربکات. (تەنانەت ئەگەر چینێکی سیاسی ئەخلاق وەک بایەخێکیش قبوڵ نەکات، دیسانیش بەحوکمی قازانج و عەقڵانییەت، ناچارە وەک ڕەوش و ڕێبازێک قبوڵی بکات. سیاسەتمەداری دەکرێ دوور بێ لەویژدانی ئەخلاقی، بەڵام نەک لە حساباتی ئەخلاقی)25

لێرەدایە کەپرسی ئامانجی دەوڵەت دەبێتە جێگای سەرنجمان و دەپرسین ئایا ئامانجی دەوڵەت جگە لەمەرامێکی ئەخلاقی شتێکی ترە..؟

## ئامانجی دەوڵەت:

یەکەمین فەیلەسوفێک کەتەواوی ڕەفتارو کاروچالاکییە هزرییەکانی لەدیدێکی ئەخلاقییەوە سەرچاوەی دەگرت، سوکرات (469–399 پ. ز) ە. ئەو هیچ پەرتووکێکی نەنووسیوەو تەنیا لەڕێگای گفتووگۆ لەگەڵ قووتابیانی کە پرسیارەکانی وەک: عەدالەت چییە؟ ئەخلاق چییە؟ بەرابەری چییە؟ من چییە؟ سیاسەت چییە؟... ی ڕووبەڕووەدەکردنەوە، پەی بەمەدەبرد کەلەپەیوەندی لەگەڵ زۆربەی ئەم بابەتانەدا خەڵکی ناشارەزاو نەزانن.

سوکرات تەنیا لەبەر ئەوەی هیچ باوەڕی بەخواکانی ئەوسەردەمی خەڵکی و دەسەڵاتی ئەو زەمانە نەبوو. و لەبەرئەوەی دەیزانی لەسایەی ئەو خوا وەهمیانەو هەروا ئەو دەسەڵاتەدا هیچکات یاسایەکی ئەخلاقگەرایانەی سەقامگیر دانامەزرێت، ئامادەبوو بمرێت و هەر بەناوی ئەخلاق و فەزیلەتیشەوە، دەسەڵاتدارانی ئاتێن سزای مەرگیان بەسەر ئەودا سەپاند.

ئیتر لەوکاتەوەو بگرە پێشتریش و تائەمڕۆش مرۆڤ وێڵی دیتنەوەی وەڵامی ئەم پرسەیە کە ئامانجی دەوڵەت

چییه..؟ ئایا حەتمەن دەبێ ئامانجێکی ئەخلاقی هەبێت، و یانیش هەبوون و بەردەوامی و ژیانی دەوڵەت بەخۆگرێدان بە ئامنجگەلێکی ئەخلاقییەوە لەتوانادا نییە..؟

بەلای ئیفلاتونەوە ئامانجی دەوڵەت دەرکردن و پەیڕەوکردنی ئەو یاسایانەیە کەلەیەک کاتدا هەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگا دەپارێزێت و هەمیش تاک بەرەو ئامانجێکی ئەخلاقی پەروەردە دەکات. و ئەو مافانەش بەمرۆڤ دەدات کەئەگەر ئەو یاسایانە ئەخلاقی نەبوون سەرپێچییان لێ بکات و دەڵێت: (مرۆڤ هیچکات نابێ لەبەرانبەر یاسایەک کە پەیڕەوکردنی، هاوڵاتیان خراپ و گەندەڵ دەکات سەردانەوێنێ و بۆیە هەوڵبدە هەمیشە یاساکان و کۆمەڵگا بەپێی کاریگەرییان لەسەر پەروەردەکردنی هاوڵاتیان ستایش یان سەرزەنشت بکە) 26

بابەتی ئامانجی دەوڵەتیش هەروەک بابەت و پرسەکانی تری پەیوەستەی بابەتی ئەخلاق بەگشتی هەمووان بەیەک دیدو بۆچوونەوە لەسەری ڕێک ناکەون. بەڵام لێرەدا دوو ئاستی جیاواز لەیەکتر بۆ هەڵسەنگاندن و لێدوان هەن. یەکەمیان ئامانجی دەوڵەت وەک لایەنێکی تیۆریک کە وەڵامی ئەو پرسەدەداتەوە کە ئەگەر ئامانجێکی ئەخلاقی لەپشت پێکهێنانی دەوڵەتەوە نەبێ دەبێ چ ئامانجێکی ترهەبێت و ئەو ئامانجە خزمەت بەکێ دەکات و لەئاکامدا بەدەردی چی و کێ دەخوات..؟ ئاستی دووەم لایەنی پراکتیکە کە ئامانجی دەوڵەت چی دەبێت با ببێت و ئەگەر هەر بەگریمانەش بڵێین ئامانجی دەوڵەت حەتمەن دەبێ ئەخلاقی بێت ئایا کارێکی وا لەتوانادایە..؟

هێرمان فاینەر دەڵێت: (هیچ دەوڵەتێک، تەنانەت ئەگەر پیاوچاکانیش لەوێدا فەرمانڕەوایی بکەن، بێ خوێنڕێژی، و بێ هەزاران کاری توندوتیژی جەستەیی و ڕۆحی نەبووە، و هیچکامیشیان بێ ئەم کارانە لەناو نەچوون) 27

کەواتە لێرەدا پرسی توانین و نەتوانین، لەئارادایە. دەوڵەتمەردان و دەسەڵاتداران هیچکات ناتوانن ببن بە پەپوولە و نابێ ئەو چاوەڕوانیەش هەبێ. بەڵام لەمەش گرنگتر ئەوەیە کەلەکاتێکدا زۆرشت لەتوانادا نین، زۆر شتی تر لەتوانادان. واتا ڕەفتارە سیاسییە باش و خراپەکانی دەوڵەت هەمیشە سەپاوو لەڕووی ناچارییەوە نین. بەڵکو بەشێکی زۆریان هەڵبژێردراوو پەیڕیوکراو بەزانابوون و بەپشت بەستن بەباوەڕو ئایدیۆلۆژیان.

دەوڵەتێک کەلەسەر بنەمای نەژادپەرستی بنیاتنرابێ و بەڕێوەبچێت. هیچ لەڕووی ناچارییەوە نییە. یان دەسەڵاتدارێک کەسیاسەتی چەوساندنەوەو کوشت و بڕ پەیڕەو دەکات. توانای نەکردنی ئەو کارەی هەیەو لەخراپترین حاڵەتدا ئەو دەرفەتەی لەبەردەستدایە کەدەست لەدەسەڵاتەکەی هەڵبگرێت.

تەنانەت توانای ڕزگاری نەتەوەیەک بەبێ توندوتیژیش دەتوانێ هەبێت و پەنابردن بۆ توندوتیژی لە پێناوی ڕزگاربوون، یان بەدەوڵەتبوون هەمیشە پێویستییەکی حەتمی نییە کەنەتوانرێ خۆی لێ ببوێری.

ئەوەی گاندی لەهیندوستان پەیڕەوی کردو سەربەخۆیی وڵاتەکەی بێ پەیڕەوکردنی توندوتیژی بەدەست خست دەتوانێ لە شوێنانی تریش دووبارەو چەند بارە ببێتەوە. بەڵام گرفتەکە لەشوێنێکی ترە. چونکە ئەم جۆرە ڕووداوانە هیچیان پێ لەڕەوتی دیرۆک ناگۆڕدرێ. واتا نە جیهان بەوجۆرە دەگاتە ئامانجی ئەخلاقی خۆی و نەوڵاتێکیش دەتوانێ بۆ هەمیشە لەو چوارچێوەیەدا بمێنێتەوە. ئەوەتا خودی هیندوستان بەبێ توندو تیژی ڕزگاربوو. بەڵام پاشان لەماوەی کەمتر لەنیوسەدەدا دووچاری سێ شەڕی گەورە بوو لەگەڵ پاکستانی زڕکچیدا.

بەڵام پێویستە ئەمەش دەستنیشان بکەین کە ئامانجی دەوڵەت وەک مۆتیڤی بنەڕەتی لەپێکهێنان و دامەزراندنیدا جیاوازە لەڕەفتاری دەوڵەت، کەلەژێر کاریگەرییە جۆربەجۆرەکاندا پەیدا دەبێت و فۆرم دەگرێت. ئامانجی دەوڵەت جگە لە ئەخلاقیبوونی ناکرێ شتێکی تر بێت. چونکە هەر لەبناغەدا (دەوڵەت بۆ ئەو ئامانجە بەدیهاتووە کە ژیانێکی باش بۆ هاونیشتمانیان دابین بکات. ژیانێکی بێ خەسڵەت و خاسیەت ئامانج نییە. دەوڵەت لەکاتێکدا بۆ فەراهەمکردنی نیازمەندییەکان هاتۆتە کایەوە، لەهەمان کاتدا بەمەبەستی گەیشتن

بەژیانێکی باش و خۆشکردنی ژیانی خەڵکی پەیدا بووە.)28 و دەوڵەت، ئەگەر ئامانجێکی ئەخلاقی نەک تەنیالەپشت دامەزراندنییەوە، بەڵکو بەردەوامبوونیشیەوە نەبێت دەبێ هیوابڕبین بە ئاشتی، و ئازادی و ژیانێکی باشتر بۆ مرۆڤایەتی.

ئەبیکۆر دەڵێت: (دەوڵەتان و وڵاتان بەمەبەستی دابینکردنی ئاسایش بەدیهاتوون. بەتایبەتیش دابینکردنی ئاسایش لەبەرانبەر دەستدرێژی بێگانە)29 لێرەدا دابینکردنی ئاسایش ئامانجێکی ئەخلاقییە. و بۆ پاراستنی ئەو ئامانجە ئەخلاقییە، هەردەوڵەتێک مافی بەرگریکردن و جەنگیشی هەیە. وجەنگێکی وا بەنائەخلاقی ناژمێردرێت. هەربۆیەش (سیاسەت تەنیا گۆڕەپانی ماف و یاساکان نییە و سیاسەت لەپلەی یەکەمدا بریتییە لەجەنگ؛ جەنگێک کەبەردەوامی خۆی لەئامرازگەلی تری جیاواز لەچەک و جبەخانەی ئاسایی بەدەست دێنێت) 30

لەئاکامداو بەگشتی دەتوانین بڵێین، ئەگەر ئامانجی دەوڵەت جگە لەئەخلاقیبوونی شتێکی تر بێت، جگەلە باوەڕهێنان بە حەتمیەتی نەمانی دەوڵەت چارەیەکی تر لەبەردەم مرۆڤایەتیدا نامێنێتەوە. نەمانی دەوڵەتیش هەم لەدیدی ئانارشیستی و هەمیش مارکسیزمەوە چارەنووسێکی حەتمییە. بەڵام ئامانجی درووستبوونی دەوڵەت، لەبناغەدا ئاخلاقی بێت یان نا، و چارەنووسیشی حەتمی بێت یان نا، ئەمڕۆ ئەرکێکی ئەخلاقی دەکەوێتە ئەستۆی مرۆڤ کەئامانجی دەوڵەت ئەخلاقی بکات.

## ماویەتی

## سەرچاوەو پەراوێزەکان


1– عبدالرحمن عالم. بنیادهای علم سیاست. نشر نی. تهران–1376 ل72

2– ایزایا برلین. نسیج الأنسان الفاسد. ترجمە: سمیە فلو عبود. دار الساقی. بیروت–1993

3– میشیل لووی. دربارە تغییر جهان. مقالاتی دربارە فلسفە سیاسی از کارل مارکس تا والتر بنیامین. ترجمە: حسن مرتضوی. انتشارات روشنگران و مطالعات زنان– 1376 ل91

4– هەمان سەرچاوە ل74

5– بڕوانە: جورج ادوارد مور. ترجمە اسماعیل سعادت. شرکت انتشارات علمی و فرهنگی–1366

6– عبدالرحمن عالم. سەرچاوەی پێشوو ل73

7– هەمان سەرچاوە ل106

8 – دکتر ابوالقاسم طاهری. تاریخ اندیشەهای سیاسی در غرب. نشر قومس– تهران 1383 . ل288

9– عبدالرحمن عالم، سەرچاوەی پێشوو ل84

10– سون اریک لیدمان. تاریخ عقاید سیاسی از افلاطون تا هابرماس. ترجمە: سعید مقدم. نشر دانمش ایران 1379 ل282

11– هەمان سەرچاوە ل115

12– هەمان سەرچاوە ل 114

13– عبدالرحمن عالم. سەرچاوەی پێشوو ص74

14– دکتر ابوالقاسم طاهری.– هەمان سەرچاوە. ل224

15– هەمان سەرچاوە. ل228.

16– هەمان سەرچاوە. ل249
17– بابک احمدی. مارکس و سیاست مدرن نشر مرکز. تهران. 1379 ص306
18– بابک احمدی. هەمان سەرچاوە. ص724
19– هەمان سەرچاوە. ص111
20– فریدریش نیچە. ارادە قدرت. ترجمە دکتر مجید شریف. جام. تهران– 1377. ل227
21– عبدالرحمن عالم. سەرچاوەی پێشوو. ل73
22– بۆ زۆرتر زانیاری بڕوانە: سوناریک لیدمان، سەرچاوەی پێشوو ل215
23– فریدریش نیچە. ارادە قدرت. ترجمە دکتر مجید شریف. جام 1377 ل219
24– هەمان سەرچاوە ل269
25– سید مرتضی مردیها. دفاع از عقلانیت. تقدم عقل بر دین، سیاست و فرهنگ. زنتشارات نقش و نگار چاپ اول 1379 ل97
26–– دکتر ابوالقاسم طاهری. سەرچاوەی پێشوو. ل33
27– عبدالرحمن عالم. سەرچاوەی پێشوو. ل75
28– دکتر ابوالقاسم طاهری. سەرچاوەی پێشوو. ل68
29– هەمان سەرچاوە ل97
30– کریستیان دالاکامپانی. فلسفە سیاست در جهان معاصر. ترجمە: بزرگ نادرزاد. انتشارات هرمس– 1382 ل22